کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:55 21-8-2007

## ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 20 / 8 / 2007، کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیمان YNDK بەسەرپەرشتی هەڤاڵ غەفوور مەخمووری _ سکرتێری گشتی YNDK کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی لەهەولێری پایتەخدا سازدا، دەسپێکی کۆبوونەوە بریتی بوو لە خولەکێك وەستان و بێدەنگ بوون بۆ گیانی پاکی شەهید سەربەست مەحموود و سەرجەم شەهیدانی ڕێی سەرخۆبوون و ئازادی کوردستان، پاشان ڕەوشی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەگشتی خرایە بەرباس و شرۆڤەکردن.

لە کۆبوونەوەکەدا هەڕەشەکانی ڕژێمی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان بەهەوڵێکی پیلانگێڕی چەپەڵ ناوزەد کراو، ئەم هەڕەشانە هەوڵدانە بۆ لێدان و لەباربردنی بزاڤی کوردایەتی و کۆسپ و تەگەرە دروستکردنە لەبەردەم پێشڤەچوونەکانی ئەزموونی باشووری کوردستان، لە هەمان کاتدا هەوڵێکە بۆ ڕێگە گرتن لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەی 140، هەروا تورکیاو ئێران بەردەوامن لە تۆپبارانکردنی گوندەکانی سەر سنوری باشووری کوردستان، ئەمەش بووەتە هۆی شەهید و بریندارب‌وونی ژمارەیەك هاوڵاتیانی سڤیلی ناوچەکە و دەربەدەر بوون و ئاوارەبوونی سەدان خێزان لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان، هەروەها تەقینەوەکانی دوایی شارەکانی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ دەستی وڵاتانی ئەقلیمی و داگیرکەرانی کوردستانی تێدایەو پیلانێکە بۆ شێواندنی باری ئاسایشی کوردستان و دوورخستنەوەی گەلی کوردستان لەبەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی، لەبەرئەوە پێویستە هەموو هەوڵێکمان بخەینە گەڕو بە ئیرادەیەکی پۆڵاینەوە کار بۆ پاراستنی ئاسایشی کوردستان بەو ناوچەنەی تا ئێستاش نەگەڕاونەتەوە سەرئیدارەی حکومەتی کوردستان بکەین، چونکە پاراستنی گیان و ماڵ و حاڵی خەڵکی کوردستان لە ئەستۆی حکومەتی کوردستان و هەموو هێزو لایەنە وڵاتپارێزەکانی کوردستانە، هەربۆیە یەکێتیمان YNDK جارێکی تر دوپاتی دەکاتەوە کە هەموو توانایەکی بۆ ئەم مەبەستە دەخاتە گەڕ و دژی هەموو دەستدرێژی و لە شکرکێشییەکە بۆ سەر باشووری کوردستان و ئیدانەی دەکات.

لە تەوەرێکی تری کۆبونەوەکەدا بە وردی کەمتەرخەمییەکانی حکومەتی عێراقی لە ئاست جێبەجێکردنی مادەی 140 خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە، جگە لەوەی کۆمەڵێك لایەنی عەرەبی شۆڤێنی دژی جێبەجێکردنی مادەی (140) ن حکومەتی عێراقیش کەوتۆتە ژێر فشاری وڵاتانی ئەقلیمی بۆ دواخستنی ماددەکە، بۆیە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەبی هەوڵی زیاتر بدات و فشار بخاتە سەر حکومەتی عێراق لە پێناو جێبەجێکردنی ماددەی 140 و دژی ئەوەش بوەستینەوە کە کێشەی کەرکوك ببردرێتە UN.

لەسەر ئاستی ناوخۆش گەرەکە حکومەتی کوردستان زیاتر بە دەنگ داخوازییەکانی خەڵکدا بێت و پێویستە خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بەخەڵکی کوردستان بکات و چارەسەری کێشەی سوتەمەنی و کارەباو کرێی خانوو بکات و کۆنترۆڵی بازار بکات لە ڕووی جۆرایەتی و دیاریکردنی نرخی کەڵ و پەلەکان، لەبەر ئەوەی بەرزبوونەوەی نرخ و کەڵ و پەل و خۆراکی ماوە بەسەرچوو کێشەی زۆری بۆ هاوڵاتیانی کوردستان دروستکردووە. هەورا لە گۆڕەپانە سیاسییەکەدا فەرامۆشکردنی ڕۆڵی هێزو لایەنەسیاسیەکان بە زەقی هەستی پێدەکرێت، لەبەر ئەوە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان راوێژی زیاتر بە هێزو لایەنە سیاسییەکان لەمەڕ پرسە چارەنووسسازەکاندا بکات، بۆ ئەوەی بەیەك هەڵوێست و یەك دەنگ ڕووبەڕوی هەڕەشەکان ببینەوە و بە هەموو لایەکمان زیاتر کار بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان بکەین. هەرلە کۆبوونەوەکەدا هەڵوەستە لەسەر ڕەوشی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەشەكانی تری كوردستان كرا بە تایبەت كە خەریكە داگیركەرانی كوردستان لە ڕێی پارچەكردنی هێزو لایەنە سیاسییەكان كەلێن و درز دەخەنە ریزەكانمان، بۆ ئەم مەبەستە گەرەكە لایەنە سیاسییەكان لە ئاست بەرپرسیارییەتی مێژووییدا بن و ئەركە نەتەوەییەكانی خۆیان بەرامبەر جەماوەری كوردستان جێبەجێبكەن و، لە پێناو چالاككردنی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیمان لە جیاتی پارچەبوونیان لە یەكتر نزیك ببنەوەو بەرنامەی هاوبەشی كاركردنیان لە پێناو سەرخستنی كارو خەباتدا هەبێت، چونكە گۆڕانكارییەكان لەرۆژهەلاتی ناڤیندا زۆر بەخێرایی بەرێوە دەچن و ئێمەش وەك كورد دەبی ئامادەگیمان هەبێت بۆ بەرژەوەندی گەلی كوردستان سوود لە گۆڕانكارییەكان وەربگرین.

لەسەر ئاستی رێكخراوەیی یەكێتیمان YNDK دا كارو خەباتی رابردوو بە وردی هەڵسەنگێندرا و ئاماژە بە پێشڤەچوونەكان كراو چارەیش بۆ كێشەو گرفت و ئاستەنگەكانی بەردەم خەبات و بەرخۆدانی YNDK دیاریكران و لە ژێر رۆشنایی پێشڤەچوون و دەست نیشانكردنی كێماسییەكان كارنامەیەكی نوێی فراوان بۆ كارو خەباتی داهاتووی YNDK دارێژرا، ئەمەو كۆبوونەوەكە دوای چەندین كاتژمێر لە گفتوگۆكردن لەمەڕ پرسەكان سەركەوتووانە كۆتایی بە كارەكانی هێنا.

كۆمیتەی سەركردایەتی
یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان
YNDK
29ی خەرمانان /2707ی كوردی
20 / 8 / 2007ی زایینی
هەولێر – باشووری كوردستان

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.